# Kurdology, Human Rights and Genocide

# 2023-2024

| | | |
|---|---|---|
| College/ Institute | Arbil Technology College | |
| Department | Materials and Construction Technology Engineering | |
| Module Name | Kurdology, Human Rights and Genocide | |
| Module Code | KUR111 | |
| Degree | Technical Diploma ■ Bachelor ☐<br>High Diploma ☐ Master ☐ PhD ☐ | |
| Semester | 1 | |
| Qualification | PhD. | |
| Scientific Title | Asst.Profissor | |
| ECTS (Credits) | 5 | |
| Module type | Prerequisite ☐ Core ☐ Assist. ■ | |
| Weekly hours | 3 | |
| Weekly hours (Theory) | ( 3 )hr Class | ( 36 )Total hrs Workload |
| Weekly hours (Practical) | ( )hr Class | ( )Total hrs Workload |
| Number of Weeks | 12 | |
| Lecturer (Theory) | Awara Kamal Saleh | |
| E-Mail & Mobile NO. | awara.saleh@epu.edu.iq | |
| Lecturer (Practical) | / | |
| E-Mail & Mobile NO. | / | |
| Websites | / | |

# Course Book

<table>
<tr><td>Course Description</td><td colspan="4">کوردۆلۆجی و جینۆساید، وەکو وانەیەك هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە و ئاگاداربوون لە لایەنەکانی مێژوو و زمان و ئەدەب و جوگرافیا و کلتووری نەتەوەییمان. لەگەڵ هەموو ئەو پاکتاوە ڕەگەزییەی بەرانبەر بە نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە. لە سەدەی ڕابردوودا، کە بۆ خۆی پێویستییەکە بە مەبەستی پەروەردەکردن و ئامادەکردنی نەوەیەکی نوێ کە شارەزاییەکی تەواوی لە بارەی سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیانی نەتەوەکەی هەبێت.</td></tr>
<tr><td>Course objectives</td><td colspan="4">1. ئاگاداربوونی قوتابیان لە قۆناغەکانی مێژوو و ئەدەب و زمان و جوگرافیای نەتەوەکەمان.<br><br>2. پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوە و ئامادەکردنی قوتابیان بە زانیاری بە سوود دەربارەی سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیانی نەتەوەکەمان.</td></tr>
<tr><td>Student's obligation</td><td colspan="4">1. ئامادەبوونی قوتابی لە هۆلەکان.<br>2.بەشداری کردنی قوتابیان لە وانەکاندا.<br>3. ئامادەبوون لە تاقیکردنەوەی وەرزی و کۆتایی.<br>4.ئامادەکردن و پێشگەش کردنی ڕاپۆرت و سیمینار وتار و ئەرکیماڵەوە و کویز.</td></tr>
<tr><td>Required Learning Materials</td><td colspan="4">داتاشۆ، پاوەرپۆینت، تەختەی سپی، سمارتفۆن، مەلزەمە، خوێندنی ئەلکترۆنی....هتد.</td></tr>
<tr><td rowspan="8">Evaluation</td><td colspan="2">Task</td><td>Weight (Marks)</td><td>Due Week</td><td>Relevant Learning Outcome</td></tr>
<tr><td colspan="2">Paper Review</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td rowspan="6">Assignments</td><td>Homework</td><td>10</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Class Activity</td><td>2</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Report</td><td>8</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Seminar</td><td>8</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Essay</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Project</td><td></td><td></td><td></td></tr>
</table>

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | Quiz | 8 | | |
| | | | | |
| | Midterm Exam | 24 | | |
| | Final Exam | 40 | | |
| | Total | 100 | | |
| **Specific learning outcome:** | کوردۆلۆجی دەروازەیەکە بۆ ئەوەی قوتابی لە چەمکە بنەڕەتیەکانی بوونی نەتەوەی کورد تێ بگات، وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان، چونکە کوردۆلۆجی دەرفەت بۆ قوتابی دەرەخسێنێت تاکو ئاگاداری سەرجەم ئەدگارە جوداکانی نەتەوەی کورد بێت. لە ڕووەکانی (زمان، مێژوو، جوگرافیای کوردستان، فەرهەنگ و باری ڕۆشنبیری، لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردیی. جگە لە کوردناسی قوتابی شارەزایی لە بنەماکانی جینۆساید و چەمکی جینۆساید پەیدادەکات و ئاگاداری سەرجەم ئەو تاوان و کۆمەڵکوژیانە دەبێت کە بەسەر کورد و نەوەکانیدا هاتووە. | | | |
| **Course References:** | 1. زمانەوانی، محمد معروف فەتاح، 1990<br>2. ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، د. شوکرییە ڕەسول، 1989<br>3. زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی، فوئاد حەمە خورشید، 1985.<br>4. مێژووی زمانی کوردی، ن: زبیر بلال ، و: یوسف ڕەئوف عەلی، بغداد، 1984.<br>5. جوگرافیای کوردستان، د. عەبدوڵلا غەفور، ئەکادیمیای کوردی.<br>6. ڕێبازە ئەدەبیەکان، د. فەرهاد پیربال ، دەزگای ئاراس. | | | |

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| پێشەکی:<br>زاراوە و پێناسەی کوردۆلۆجی<br>مێژووی کوردۆلۆجی<br>گروپە کوردناسەکان<br>هۆکارەکانی دەرکەوتنی کودۆلۆجی<br>ئەو بابەتانەی کە نووسەرانی کورد بە غەیرە کوردناسەکانیان ناساندووە. | 1 | زانیاری دەربارەی کوردناسی |

| | | |
|---|---|---|
| زانیاری دەرباەی جوگرافیای کوردستان | 2 | ڕووپیوویەکی جوگرافیای کوردستان:<br>1. سنووری کوردستان.<br>2. دابەشبوونی جوگرافیای کوردستان.<br>3. جیۆپۆلەتیکی کوردستان.<br>4. تۆپۆگرافیای کوردستان.<br>5. سامانی سرووشتی کوردستان. |
| ئاگاداربوون دەربارەی زمانەوانی | 3 | پێناسەو چەمکی زمان<br>زمان چییە<br>پێناسەکانی زمان<br>ئەرکەکانی زمان<br>تایبەتمەندییەکانی زمان:<br>(زمان پێڕەوە، زمان ڕەمزە، زمان دەنگە، زمان تایبەتە بە مرۆڤ، زمانە سرووستییەکان هەموویان تەواون). |
| مێژووی زمانی کوردی | 4 | مێژووی زمانی کوردی<br>پیگەی زمانی کوردی لە ناو خیزانە زمانەکانی جیهاندا<br>دیالیکت چەمك و پێناسەی<br>پێناسەی دیالیکت<br>جۆرەکانی دیالێکت |
| زانیاری دەربارەی لهجە کوردییەکان | 5 | هۆکارەکانی دروست بوونی دیالیکتەکانی زمانی کوردی:<br>دیالیکتەکانی زمانی کوردی(سنوور و نەخشەی دابەشبوونیان)<br>پیناسەی زمانی ستاندارد و چۆنییەتی دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی<br>پیناسەی ئەلفبی:<br>تیروانین بۆ ئەلفبیی زمانی کوری<br>دامەزرینەرانی ئەلفبیی کوردی |
| ئەدەبی کوردی و فۆلکلۆر | 6 | ئەدەبی کوردی:<br>چەمکی ئەدەب<br>پیناسەی ئەدەب<br>جۆرەکانی ئەدەب<br>تایبەتمەندیەکانی فۆلکلۆر<br>بەشەکانی فۆلکلۆر<br>رەگەزەکانی ئەدەب<br>هونەرەکانی ئەدەب(شیعر): جۆرەکانی شیعر<br>پەخشان: جۆرەکانی پەخشان |
| ئاگاداربوون لە ڕیبازە ئەدەبیەکان | 7 | ڕیبازەکانی ئەدەب: (کلاسیك، ڕۆمانتیك، ڕیالیزم)<br>نمونەی ژیان و بەرهەمی شاعیران(باباتاهیر، مەولەوی، نالی، مەلای جزیری) |
| مێژووی کورد | 8 | کورتەیەك لە مێژووی کورد<br>پیناسەی مێژوو<br>ناوی کورد لای نەتەوە و هۆزە کۆنەکان<br>دەولەتی ماد |

| | | |
|---|---|---|
| زانیاری دەربارەی جینۆسایدی کورد | 9 | بەشی جینۆساید:<br>پیناسەو زاراوەی جینۆساید<br>جۆرەکانی جینۆساید<br>جینۆساید لە یاسای گشتی نیودەولەتییدا<br>نەتەوەی کورد وەك قوربانی جینۆساید لە عیراقدا |
| ئەنفال و کیمیابارانی کورد | 10 | تاوانی ئەنفال و قۆناغەکانی ئەنفال لە باشوری کوردستان<br>چەمك و پیناسەی ئەنفال<br>ئەنفالی کورد<br>هۆکارەکانی ئەنجامدانی شالاوەکانی ئەنفال<br>قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال<br>ئەنجام و کاریگەرە خراپەکانی ئەنفال<br>تاوانی بەکارهینانی چەکی کیمیاویی |
| مافی مرۆڤ | 11 | کورتەیەك دەربارەی مافی مرۆڤ<br>گەشەکردنی مافی مرۆڤ<br>گرنگترین ماددەکانی جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ<br>خەسلەتەکانی مافی مرۆڤ |
| مافی چارەنووس | 12 | جۆرەکانی مافی مرۆڤ<br>مافی چارەی خۆنووسین وەك مافیکی گشتی<br>پیناسەی مافی مرۆڤ<br>بڕیاری(688) |

## Questions Example Design

پ1:پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:

1- دەنگی بزوین

2- کوردۆلۆجی

3- شیعر

4- دیالێکت

پ 2: ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕبکەرەوە؟

1.مامۆستا عەلادین سەجادی بۆیەکەم جار کتیبی ــــــــــــــــــــــــ لە ساڵی ــــــــــــــــــــــــ نووسیوە.

2.سامانە سروشتیەکانی کوردستان بریتین لە ــــــــــــــــــ، ــــــــــــــــ ، ـــــــــــــ، ــــــــــــــ.

3.ڕەگەزەکانی ئەدەب بریتین لە ـــــــــــــــــ، ــــــــــــــــ، ـــــــــــ، ــــــــــــ.

پ 3: جۆرەکانی جینۆساید بژمێرە و لەبارەیانەوە بدوێ.

پ4: هۆکارەکانی دروستبوونی دیالیکتەکانی زمانی کوردی چین بیانژمێرە؟

وەڵامی نموونەیی پرسیارەکان:

پ 1:

1- دەنگی بزوێن ئەو دەنگانەن کە لەکاتی دەربڕیندا هیچ تەگەرەیەك نایەتە ڕێ یان و بەسەر بەخۆیی لە سیەکانەوە دەردەچێت.

2- کوردۆلۆجی بریتیە لە لیکۆلینەوەیەکی زانستیانە دەربارەی ڕەگەز، مێژوو، زمان،ئەدەب، ئاین ، فەرهەنگ، کەلەپووری کوردی،یاخود بریتیە لە ناسینی کورد و دەرخستنی کورد وەك نەتەوەیەك کە خاوەنی کیانی نەتەوەیی خۆیەتی.

3- شیعر قسەیەکی خاوەن کێش و سەروایە واتایەك دەگەیەنیت.

4- دیالێکت بەو جیاوازیانە دەوترێت کە لە نیوان جۆرەکانی یەك زماندا هەیە لە ڕووی ڕێزمانی و لایەنی پێکهاتەی وشەو چۆنیەتی دەربڕین.

پ 2:

1- مێژووی ئەدەبی کوردی، 1952

2- سامانی ئاوی ڕووبارەکان، نەوت و کانزا، ڕووەك ، ئاژەل.

3- سۆز، ئەندێشە ، بیر ، شێوە.

پ 3:

1- جینۆسایدی جەستەیی

2- جینۆسایدی بایۆلۆژی

3- جینۆسایدی کەلتوری.

4. جینۆسایدی ئابووری.

پ 4:

1. هۆكاری كەسی.
2. جیاوازی لایەنی دەنگسازی.
3. هۆكاری جوگرافی.
4. هۆكاری ئابووری.
5. هۆكاری ڕامیاری.
6. ڕۆشنبیریی.
7. گۆڕانی سروشتی لە زماندا.

## Extra notes:

## External Evaluator

دوای سەرنجدان و خوێندنەوەی تەواوی بابەتەكانی ئەم كورس كەتەلۆكە كە تایبەتە بە وانەی(كۆردۆلۆجی و مافی مرۆڤ و جینۆساید) و لەلایەن مامۆستای وانە(د. ئاوارە كەمال صالح) دەگوترێتەوە. بەشێوەیەكی زانستی و ئەكادیمی بابەتەكان دانراون و توانیویەتی بە شێوەیەكی گشتی ڕەچاوی ئاستی زانستی قوتابیان بكات و هەروەها هەقی تەواوی بابەتەكەی لەڕووی زانستی و ئەكادیمیەوە بدات. تاوەكو ئامانجی وانەكە لە دروستبوونی هۆشیارییەكی نەتەوەیی دەربارەی لایەنەكانی ژیانی نەتەوەی كورد لای قوتابیانی قۆناغی یەكەم، سمستەری یەكەم برەخسێت و ببێتە جێگەی گرنگی پێدانیان.

لەگەڵ ڕێزدا....

پ. ی. مامۆستا بەختیار ئەحمەد مەحمود

2023/10/15